# دوو ئەکتەری جیهانی بەشداری لە فیلمی "کوردستان ولاتی نەبینراو" دەکەن


شۆن کۆنری


سۆفیا لۆرین

میدیا -تاها/ کوردستان ولاتێکی نەبینراو، ناونیشانی فیلمێکی سینەماییە کە بڕی ٢٠ ملیۆن یۆرۆی بۆ تەرخانکراوەو بڕیاروایە لەساڵی ٢٠٠٨ تەواو بکرێت و لەسەر سینەماکانی جیهان پیشانبدرێت.

ئەو فیلمە کە دیمەنەکانی لەناوچەی دەریاچەی وانو چیاکانی ئارارات وێنەی دەگیرێتو، ئەکتەرانی ناوداری جیهان وەکو سۆفیا لۆرینو شۆن کۆنری رۆڵی سەرەکی تێدا دەبینن. قاسم گولتەکین کە سینەماکارێکی کوردی باکووری کوردستانەو بەرهەمهێنەری ئەو فیلمەیە رایگەیاند کە فیلمی (کوردستان ولاتێکی نەبینراو) ئێستا کارە سەرەتاییەکانی جێبەجێدەکریو ناوەڕۆکی فیلمەکە باس لەمێژووی پڕ دەردەسەریو دەربەدەری کوردەکان دەکاتو ٣٥٠٠ کەس بەشداری تێدا دەکەن.